کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
26-2-2007 20:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان لە هەوڵێکی نوێدا:

لەدوای گۆڕینی سیستەمی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری، بۆ یەکەمین جار (یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان) بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتی شۆفێری و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی خولێکی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری لە چوار چێوەی یاسادا بۆ (40) کەمئەندام کردەوە، کەوانەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتی شۆفێرییەوە دەووترێتەوە و سەرجەم تایبەتمەندی کەمئەندامانی تێدا پارێزراودەبێت. ئەوەی شایانی باسە خولەکە لە بەرواری (25 / 2 / 2007) کاتژمێر (9، 30) لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ئامادە بوونی بەڕێزان ڕئید (ئاسۆ) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شۆفێری و (عمر کریم) لێپرسراوی گشتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان، دەستی پێکرد و ماوەی (8) ڕۆژ دەخایەنێت ولەلایەن ئەفسەری هاتووچۆوە مولازم (زانا) وانەکان دەووترێتەوە.







ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.